شیعر

محمد غفور

دووز

کاتێ کە دەستی برسێتی
گوڵی خەندەی ...
سەر لێوی زارۆ هەژارێك ،
دەژاکێنێ
هەر ئەو کاتە ...
لە نێو دڵی گڕگرتووما ،
شیعرێکی تر سەردەردێنێ .

رەشەبا

گیانە پرسیوتە لەسەرچی
وارڤی لە رەشەبایە ؟
دەزانی بۆ ؟
چونکە کاتێ ...
کە تێنوێتی ،
دار بەروویەك دەمرێنێ ،
رەشەبا لە پرسەکەیدا ،
دەستی ئۆخەی ...
بەسەر سینگی خۆیا دێنێ .

کورتە چیرۆك

کۆتایی پـایزی سێهەم

دانا علی سعید
ئایاری / 1984
سلێمانی

زۆر بە تاسەوە ئەم بەیانی‌یە رێی قەراغ شارت گرتووەتە بەر ، هەنگاوەکانت زۆر خێران .. هەڵپە ئەکەیت .. چاوەکانت دەریایەکی مەنگن‌و لەناویدا جیهانێکی تری حەشار داوە .. رەنگی پـایز بـەهەمـوو قوژبنێکی شـارەوە دیارە .. بـە بـەر چاوەکانتـەوە گەڵا زەردەکـان سەمـا دەکەن .. چـەند حـەز دەکەیت هەموو گەڵاکان کۆبکەیتەوەو لەژوورە بێ دەنگەکەتی بئاخنی .. سێ پایزە بە تاسەوە دەڕوانیتە دیمەنە زەردەکەی .. هەموو شتێ زەردە وەکو قژی دەسگیرانت .. خۆزگە دەخوازی هەمیشە پایز بوایە .. هەموو گەڵایەکی زەردی پایز لای تۆ تاڵێ قژی دەسگیرانتە . ئەم بەیانی‌یـە کزە بـایەکی سـارد خۆی لەشـارەکـە هـەڵدەسـوێ ، دەربـەست نـایـەیت .. خـۆت

پێچاوەتەوەو .. زۆر حەز بەو کزە بایە دەکەیت ، ئەگەر جەستەیشت بکاتە سەهۆڵ هەر خۆشت ئەوێت .. دیاری پایزە .. دیاری تابلۆ ڕەنگینەکەی ساڵە .. بڕیاری ئەمشەوت ئەم گەشتەبوو .. [شەو وەك دایك وایە ، ڕاوێژکەرێکی دڵسۆزە][1] . هەمیشە ئەم ڕستەیە بۆ برادەرەکانت دەڵێیتەوە ..

تەواو بڕوات پێ هێناوە .. دایکی ئەمشەویش ڕێی ئەم گەشتەی نیشان داوی .. بەردەوام بەدەم ڕێوە لە جوینەوەی بڕیارەکەتدای .. «ئەڕۆم .. تاڵە لۆغانەکەی شار بێ ئاگادەبم .. لە ناو دڵی دەشتەکەدا .. جێ هەوارگەی تەمەنی سێ پایز .. سێ پایزی پڕئاوات و تاسە .. سێ پایزی پڕ چاوەڕوانی و خەم و ژان .. پڕ دوکەڵ و تەنیایی .. لەناو ئەو گیا زەردەدا تل دەخۆم .. دەست بەسەرو قژیا دەهێنم .. تێر تێر لەوگیا تفتە دەجووم .. تاسەی ساڵێکی پڕ نەهاتی و چاوەڕوانی دەشکێنم .. پاشان کڕنووشی بۆ دەبەم و پڕ بە دڵم ئەسرینی بۆ دەڕێژم .. گریی داستانە بێ دەنگەکەمی بۆ دەکەمەوە ..

لەگەڵ ناشتنی گشت دێرێکی داستانەکەم بە ڕەهێڵەی فرمێسکەکانم بۆی ئاو دەدەم .. تەنها ئەوە بە بێ دەنگی گوێم بۆ ڕادێرێ .. ژانەکانم لێ وەرگرێ .. فرمێسکەکانم لە سینەیدا بۆ حەشار بدا .. ئەویش کزەبا فێنکەکەی هەڵدەکاو بەبێ دەنگی بۆم دەلاوێنێتەوە .. بەشداری ئەو ئاهەنگەم دەکات .. منیش بە سەریدا دەنوشتێمەوە تاکفت دەبم .. ئەوەندە ئەلاڵێمەوەو نزا دەکەم تا خواوەندی خەو لە ئامێزم دەگرێ ..

نایەمەوە تا چاوە پڕ فرمێسکەکانم نەسڕێ .. دڵە پڕ زووخاوەکەم نەشواتەوە .. هەتا توێشە بەرەی ساڵێکی تری پڕ ئارامی و بێ دەنگی لێ نەخوازم .. پاشان دەگەڕێمەوە باوەشی پایزە زەردەکەو ماڵ ئاوایی ئەم گەشتە پڕ لە ئەسرینەی لێ دەکەم .. جێی دەهێڵم .. جێی دەهێڵم ..» .

هۆڕنی ئۆتومبیلەکەی دواتەوە هێنایتیەوە هۆش خۆت .. بە دوو قەڵەمباز خۆت گەیاندە ئەوبەر جادەکە .. دەستەکانت لەوورگی گیرفانەکەت ڕۆکردەوە .. کەوتیتەوە هەڵپە .. بەناو شەقامە درێژەکەی شاردا شۆڕبوویتەوە .. ئافرەتە قژ زەردەکەی بەرامبەرت دایچڵەکانیت .. تەزوویەکی خێرا جەستەتی ڕاوەشاند .. پەنجەکانی لە ناو دەستی کوڕە کەڵەگەتەکەی تەنیشتیدا بەبێ دەنگی ئارامیان گرتبوو .. کوڕەکەش خێرا خێرا قسەی بۆ دەکرد .. هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشا .. زۆر بەتاسەوە چاوەکانت تێ بڕیبوون .. دیمەنەکەیان لە گرێژنەی بردبوویت .. لەگەڵ ڕەت بونیاندا خۆت دا بە قەبرغەی کابرا زلەکەدا .. هەر بە پەلە سەرێکت بۆ نوشتانەوەو بەجێت هێشت .. کەوتیتەوە دەریای بیرکردنەوە ..

«منیش زۆر شتی نوێم لەخورجینەی ئەم عەشقەدا بۆ هەڵگرتووی .. لە یەکەم ژوانەوە چەپك چەپك ئەیکەمە دیاری .. زۆر ڕقی پیرۆز لەدەروونتدا دەڕوێنم .. فێرت ئەکەم ڕقت لە هەموو ئەوانە بێت ڕێزت لێ گرتوون .. هیچ نرخێ بۆ ئەوانە دانەنێیت کە لێیان ترساوی .. هەموو ئەوانەی چاویان لێ سور کردویتەوە .. ئەوانەی ماکی ڕەوشت نزمی ئەم کۆمەڵە لە ناخی خۆیانەوە پەرە دەسێنێت و دەرسی ڕەوشتی هەزارانی وەکو تۆ دائەیەن .. فێرت دەکەم چۆن بە بێ نرخی تەماشایان بکەیت .. لە فەرهەنگی سینەتدا ناوو ئامۆژگاری هەموو ئەوانە ئەسڕمەوە کە تۆوی ترس و شەرمیان لەناخدا چاندووی .. فێرت دەکەم هەموو ڕۆژێ یەك هەزار تفی خەست بدەی بەڕووی ئەوانەی ئەو پرچە زەردە جوانەتیان لەژێر سەرپۆشی شەرما شاردۆتەوە .. هەموو ئەوانەیش تائێستا زمانی بەرگریتیان لەکۆ خستبو .. تەنانەت ئەوەیشت فێر دەکەم ئەم جیهانە هەر ئەوەندە نی یە تێیان گەیاندووی ، بەڵکو زۆر لەوە گەورەترە .. تۆیش دە ئەوەندەی تر هانم بدە ڕق ئەستوور تربم .. لەگەڵ هەموو تەریق بوونەوەیەکت .. لەگەڵ هەموو بێ دەنگی و کزەڵی یەکت .. لەگەڵ هەموو سەر داخستن و ڕەنگ بزرکاندنێکت .. سەد ئەوەندەی تر ئازارەکانم گەورەتر دەبن .. پەردەی ئارامم ناسك تردەبێت .. هەردووکمان دەبینە مامۆستاو لە هەمان کاتیشدا قوتابی .. ڕێچکەی ژیانێکی تازەی دوور لە یاساو سنور دەگرینە بەر .. دەبینە سەرەتایەك بۆ

دروست بوونی خێزانێکی نوێ .» .

خۆیشت سەرت سوڕماوە .. نازانیت سەرەتای سەوز بوونی ئەم ڕاو بڕوایانەت لەکوێوە سەری هەڵدا .. لەگەڵ خۆشەویستنی ئەودا یان پێشتر .. زۆر جار تووشی سەر ئێشەیەکت دەکەن بە سێ حەبی (ئیسپرین) نایەیتەوە حساب .. سەرەتاو کۆتایی ئەم مەسەلەیەت لەلاڕوونە .. بێ دەنگیت کردوتە قەڵغانێك بۆ حەشاردانی نهێنییەکانی دەروونت .. دووکەڵیش نزیکترین هاوڕێ .. بێ دەنگیو دووکەڵ بوونەتە چوار چێوەیەکی پۆڵایین بۆ نهێنییەکانی ناخت .. ئەوەندەت نەماوە لۆغانەکەی شار بەجێ بهێڵی .. چەند نزیك دەبیتەوە زیاتر هەڵپە دەکەیت .. هێندەت نەماوە بیکەیتە نەرمە غار .. هەستت بە سەما کردنی گیازەردەکان دەکرد .. لەکاتێکدا کزە باکە خۆی لە سنگو بەرۆکی دەشتەکە هەڵدەسوو .. وورشەی گیا ووشکە زەردەکان زیاتر دەروونتیان جۆش ئەدا .. عاشقەکەی خۆیان دەناسنەوە .. حەزت دەکرد وەك مار خۆت بەسەر گیا زەردەکاندا کێش کردایە .. لێوەکانت لە بنجەگیاکان گیر کردایە .. بێ ئەوەی بنجەگیایەك لەیاد بکەی .. تاخۆت دەگەیاندە ناو دڵی دەشتەکە ئەوکاتەیش بەلێنەکەت لەسەرخۆ بەجێ بهێنایە .. هەست دەکەیت وەك قەرزی لێهاتووە بەسەرتەوە ، ئەبێ هەموو پایزێك ئەم ئاهەنگە بگێڕیت .. پەڵەگیایەکی زەردی تۆخ .. تۆخ وەك قژی دەسگیرانت .. لەناو سنگی دەشتەکەدا پێشوازی لێدەکردی ، میوانداری شیوەنەکەی ئەمساڵی لێ دەخواستی .. هەر خێرا خۆت گەیاندە پەڵە زەردەکەو تەخت خۆتدا بە سەریدا .. تێر تێر ڕوومەتت لە گیا زەردەکەی هەڵسو .. هەتا تاسەی ڕێ دوورەکەت شکاند .. ئنجا زور بە هێمنی خۆت خستە سەر پشت .. دەستەکانت بەبێ ئارامی بە ناو گیاکەدا دەهێناو دەبرد .. جارێك .. دووان .. دە .. پانزدە .. هەتا تەواو ماندوو بوویت .. پاشان هەر دوو چنگت لەدوو بنجەگیا گیر کرد .. تا تەواو ئۆخەیت کرد .. دڵۆپ دڵۆپ ئەسرینەکانت لەژێر چاوە داخراوەکانتەوە وەك یاقوتێکی وورشەدار بۆ لای لاجانگت خلۆر دەبوونەوە .. لەناختدا چەند یادێکی ئاڵۆز ئاوێتەبوون ..

«لەپایزی پارەوە هەتا ئەمڕۆ چاوەڕێی ئەم ڕۆژە دەکەم .. بیری ئەم ساتە دەکەمەوە .. خۆشەویستیتان لەناخمدا ڕەگی داکوتاوە ، هەرچی دەکەم بۆم دەرنایە .. ئەم دووبارە بوونەوەیەش خەریکە بێزارم دەکات .. ئێوە هاورێمن ئەی گیاو گەڵا زەردەکانی پایز .. خۆشم دەوێن هەروەك پرچی زەردی دەسگیرانم .. بەلام نەدەتوانن ئەسرینێکم بگەیەننە لای دەسگیرانم نە هەواڵێکی ئەوم بۆ بهێنن .. لەساڵێکدا تەنها ڕۆژێ میوانداری ئێوە کۆتایی بەژانو خەمەکانم ناهێنن .. نە ئامۆژگاریتان هەیەو نە هەواڵ .. بێ دەنگن ، هەروەك چاوی دەسگیرانم .. بێ هەواڵن ، وەك شەماڵی سێ ساڵی پڕ چاوەڕوانیم .. دەئێوەیش گۆمی بێ دەنگی بەهەژێننو شتێ بڵێن .. خۆ من هەر چیم زانی ووتم .. هەرچی هەواڵ هەیە بۆم هێنان .. تاکەی ئەم بێ دەنگییە .. بە قەدەر «ئەیوب» سەبرم گرتو هیچتان نەووت .. هیچتان نەووت ..» .

ئەمجارە گریانێکی زۆر بەکوڵ قوڕگتی گرتو وتەکەی پێ بڕیت .. زۆر بێ دەسەلاتانە ئەکڕوزایتەوە .. هەنسکەکانت ببوونە چەخماخەی بەهارو ڕەهێڵەی فرمێسك بەدوایدا .. زۆر گرییت ، بنجەگیاکانت بەدەستەوە هەڵکەند .. لەگریانیش بێزار بوویت ، هیچت بۆ ناکات ، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت .. بێ دەنگ بوویت .. بەپشتی دەستت چاوەکانت سڕی .. هێور بوویتەوە .. بێ بیرکردنەوە ماوەیەك بێ دەنگ بوویت .. بەهێمنی چاوەکانت بەرزکردەوە .. وەك شتێکی کتوپڕت ببینیبێت هەر دوو چاوەکانت زەق کردەوە .. زۆر بەسەر سوڕمانەوە ئەتڕوانییە ئەو دیمەنە .. حەپەسا بوویت .. لەگەڵیدا لێوەکانت لەژاندا بوون بۆ لە دایك بوونی زەردە خەنەیەکی ناسك .. دیمەنی ڕۆژە زەردەکەی ژێر هەورە تەنکەکە لە ئامێزی گرتبوویت .. ئەویش زەردە وەك قژی دەسگیرانت .. تێ گەیشتی کەتەنها گیا ووشکەکانی پایز زەرد نییە .. تەنها گەڵا وەریوەکانی پایز زەردنییە .. هەر بەپەلە هەستایتە سەرپێو بڕیاری ڕۆشتنت دەرکرد .. ڕۆیشتنێك هەرگیز نەگەڕێیتەوە .. لەمەو دوایش ببیتە عاشقی ڕۆژ .. ئەمجارەیان لەهاتنت بە پەلە تر دەڕۆیشتی .. خێراتر هەنگاوت دەنا .. بە دەم ڕێگەشەوە چاوەکانت لە ڕۆژ نەدەتروکاند .